ئەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زاییـــنی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــارە (٦٠)　　٢٧٢٤ی کــوردی　　٢٠٢٤ی زایینـــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

پ.د. کاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-

- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. سالّح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەد زادە



هەولێر - شەقامی هەڵەبجە　　ISSN: 2520-4106　　http;//gov.krd/ka

# ڕەوشی ئابووریی مەسیحییەکانی هەرێمی جەزیرە لە سەدەی (٧ک/١٣ز)

**قادر محمد حسن**

ڕاگری بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر
qader.hassan@su.edu.krd

**احمد محمد عبدالله**

ڕاگری بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر
ahmadmhammad1991@gmail.com

**پوختە:**

مـژاری ئـەم توێژینەوەیـە بابەتێکـی گرنگـە کـە بریتییـە لـە (ڕەوشـی ئابووریـی مەسـیحییەکانی هەرێمـی جەزیـرە لـە سـەدەی (٧ک/١٣ز). لـەم توێژینەوەیـەدا تیشـک خراوەتـە سـەر کار و چالاکییـە ئابوورییەکانـی مەسـیحییەکانی ئـەو هەرێمـە لـە بـواری کشـتوکاڵ و پیشـەگەری و بازرگانیـدا، و کاریگەریـی ئـەو چالاکییانـە لەسـەر بژێـوی و ڕەوشی گشـتی. دیـارە سـەدەی (٧ک/١٣ز) لـە هەرێمـی جەزیـرە ماوەیـەک لـە ژێـر حوکمڕانیـی خەلافەتـی عەباسـی و ماوەیەکیـش لـە ژێـر دەسـەڵاتی مەغۆلـەکان بـووە، لـەو ماوەیـەدا تیشـک خراوەتـە سـەر جـۆری ئـەو کار و چالاکییانـە و شـێوازی کارکردنـی ئابووریـی مەسـیحییەکان لـە هەرێمـی جەزیـرەدا.

کلیلەوشە: ئابووری، پیشەسازی، بازرگانی، مەسیحییەکان، هەرێمی جەزیرە.

**١، ١-پێشەکی**

ئاشــكرایە كــە مێــژووی ئابــووری یــەک لــە گرینگتریــن بــوارەكانی مێــژووە كــە پــتر وابەســتەی ژیــانی خەڵكــی ئاســاییە و زیاتــر لێــی چــاوەڕوان دەكرێــت ئاوێنــەی باڵانومــای لایەنــە ڕاســتەقینەكەی مێــژوو بێــت كــە خــودان بایەخێكــی زۆرە بــۆ لــێ فێربــوون و ئەزمــوون لــێ هەڵێنجــان ، هــەر لــەم ســۆنگەیەوە، ســەرەودەریكردن لەگــەڵ ڕەوشی ئابووریــی مەســیحییەكانی هەرێمــی جەزیــرە لــە ســەدەیەكی پــڕ لــە گۆڕانــكاری و ئاڵنــگاری، بایەخێكــی زۆری هەیــە، كــە بەهۆیــەوە دەكــرێ تــا ڕادەیــەک پــەی بــەو دۆخــە ئابوورییــە ببرێــت كــە بەگشــتی دەڤەرەكــەی خســتۆتە نێــو چوارچێــوەی جۆرێــک لــە تایبەتمەنــدی و ئــەدگاری ئابــووری.

لێكۆڵینــەوە و بەدواداچــوون بــۆ بارودۆخــی مەســیحییەكانی هەرێمــی جەزیــرەی ســەردەمی مەغــۆڵ كارێكــی ســەخت و دژوارە، ئەمــەش لەبــەر كەمیــی ســەرچاوەی پێویســت لــەو بــارەوە.

**١-گرنگیی توێژینەوە**

بایەخــی ئــەم توێژینــەوە لەوەدایــە كــە دەســتی بــۆ بابەتێكــی هەســتیار و پــڕ بایــەخ بــردووە كــە ڕەوشی ئابووریــی مەســیحییەكانە لــەو ســەردەمەی بــۆ توێژینەوەكــە دیــاری كــراوە، ئەمــەش پەیوەندیــی بــە تــەواوی بوارەكانــی تــری ژیانــەوە هەیــە، یەكێــک لــە خاڵــە گرنــگ و تایبەتییــەكانی توێژینەوەیەكــی لــەم جــۆرە ئەوەیــە كــە توێــژەران هەڵســوكەوتیان لەگــەڵ ســەردەمی جیاوازیــی نێــو یــەک ســەدەدا هەندێــک ســانا و ئاســان بــووە، كــە هــەم ســەردەمی عەباســی و هــەم لەنێــو ســەردەمی هەژمــوونی مەغۆلیشــدا هەیــە، لــە هــەر ســێک ئــەو مــاوە جیاوازەشــدا مەســیحییەكان ڕۆڵــی بەرچاویــان لــە چالاكییــە ئابوورییەكانــی وەكــو كشــتوكاڵ و پیشــەگەری و بازرگانیــدا هەبــووە، و پاشــماوە و كارە دەســتییە جێماوەكانیــان بەڵگــەی چالاكــی و لێهاتووییانــە لــەو بــوارەدا.

**٢-هۆكاری هەڵبژاردن**

ئــەوەی وایكــرد دەربــارەی ئــەو بابەتــە بنووســین و لێــی بكۆڵینــەوە كۆمەڵێــک هــۆكار بــوون، لەوانــە: دەرخســتنی چالاكییەكانــی مەســیحییەكانی هەرێمــی جەزیــرە لــە هــەردووک ســەردەمی عەباســی و مەغۆڵــدا، وە ڕوونكردنــەوەی چالاكیــی هاوبەشــی ئابووریــی نێــوان موســڵمانان و مەســیحییەكان لەوانــە لەگــەڵ كــورددا، هەروەهــا لــەو هۆكارانــە پیشــاندانی ڕەوشــی گشــتیی ئابــووری ســەردەمی عەباســی و مەغــۆڵ، هەروەهــا دەرخســتنی گرنگیــی هەرێمــی جەزیــرە بــە دەوڵەمەنــدی بــە ســەرچاوە ئابوورییــە جۆراوجــۆرەكان.

**٣-گرفتی توێژینەوە**

یەكێــک لــە گرفتەكانــی نووســینی ئــەم توێژینەوەیــە ئــەوە بــوو كــە زۆربــەی مێژوونووســە كۆنــەكان بەگشــتی و بەگوێــرەی ڕیزبەندیــی ســاڵ مێژوویــان نووســیوەتەوە، هــەر بۆیــە دۆزینــەوەی بابەتــەكان و ڕێكخســتنیان كاتێكــی زۆری دەوێــت، و ســەبارەت بــە لایەنــی ئابوورییــش زۆر كــەم پەرژاونەتــە ســەر لاكردنــەوە لــە ڕەوشی ئابــووری، هــەر بۆیــە كتێــب و بابەتــی كۆنــی تایبــەت بــەو لایەنــەی مەســیحییەكانی هەرێمــی جەزیــرە بوونــی نییــە، ئــەوەی هەیــە ئەگــەر جــار جــارە لێــرە و لــەوێ ئاماژەیەكــی كورتیــان بــەو لایەنــە دابێــت، ئــەوا پــتر لــە ڕوانگــەی مێــژووی ڕووداو و مێــژووە سیاســییەكە بــووە، ئەمــەش گرفتێكــە و توێــژەر زۆر مانــدوو دەكات تــا بــە پچــڕ پچــڕی بابــەت و بڕگــە پەیوەندیدارەكانــی تایبــەت بــەو بــوارەی پێویســتیەتی كــۆ دەكاتــەوە.

**٤-ڕێبازی توێژینەوە**

توێــژەر لــەو توێژینەوەیــەدا پشــتی بــە ڕێبــازی مێژوویــی وەســفی بەســتووە و پشــت بــە داتــای ئابــووری دەبەســتێت بــۆ سۆســیۆ لێكدانــەوەی ئــەو قۆناغــە مێژووییــە، ئەمــەش بــە خســتنەڕووی بابەتەكانــی تایبــەت بــەو بــوارە و تێڕامانیــان، و دەرخســتنی چالاكییــە جۆراوجــۆرە ئابوورییەكانــی ســەردەمی توێژینــەوە، و پشــت بەســتن بــە ســەرچاوە ڕەســەنەكان بەتایبەتــی نووســینەكانی خــودی مەســیحییەكان خۆیــان بەتایبەتــی پەرتووكەكانــی ئیــبن عیــبری كــە زانایەكــی مەســیحیی نــاوداری ســەردەمی توێژینــەوە و خــۆی شــایەدحاڵی ڕووداوەكان بــووە و مێــژووی مەســیحییەكانی بــۆ بــاس كردوویــن.

**٥-توێژینەوەكانی پێشوو**

لــە مێــژووی كۆنــدا گرنگــی بــە بــواری ئابــووری دراوە وەكــو بەشــێک لــە مێــژووی نەتــەوەكان و بەكەمــی تیشــكێكی ســەرەكی خراوەتــە ســەر لایەنــی ئابــووری، و ســەبارەت بــە توێژینــەوە ســەردەمییەكان هەندێــک توێژینــەوە هــەن،

بەگشتی لەسەر ڕەوشی ئابووریـن، یـان دەربـارەی هەرێمـی جەزیـرەن، یانیـش بـاسی دیرۆکـی مەسـیحییەکانن، وەکـو کتێبـی (الموصـل و الجزيـرة الفراتيـة في عهـد دولـة المغـول الإيلخانيـة) ی عـلاء محمـود خليـل قـداوي کـە باسـەکەی تەرخـان کـراوە بـۆ دوای هاتنـی مەغۆلـەکان لـە سـاڵی (٦٥٦ک/١٢٥٨ز) هەرچەنـدە بەشێکی تایبەتـە بـە هەلومەرجـی ئابـووری، بـەڵام بابەتەکـەی بەگشـتی بـاس کـردووە و بایەخـی تایبـەتی بـە ئابووریـی مەسـیحییەکان نـەداوە، هەرچـی کتێبـی ‹‹أحـوال النصـارى في خلافـة بنـي عبـاس››ی جـان ڤیـە-یـە زانیـاری لەبـارەی مەسـیحییەکان خسـتۆتە ڕوو، بـەڵام ئابـووری نەکردۆتـە مژارێکـی سـەرەکی، هەرچـی توێژینـەوەی قـادر محمـد حسـن کـە بـە نـاوی ( خـۆراک و پیشەسـازیی خـۆراک لـە هەرێمـی جزيـرە لـە سـەردەمی عەبـاسی) کـە بەرهـەم و هەوڵێکـی چاکـی ئـەو بوارەیـە، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی لایـەنی ئابـووری شـی کردۆتـەوە و تایبـەت نییـە بـە ڕەوشی ئابووریـی مەسـیحییەکان.

**٢، ١-بواری ئابووریی مەسیحییەکان**

لـە گرنگتریـن ئـەو بـوارە ئابوورییانـەی کـە مەسـیحییەکان گرنگییـان پـێ داوە و سـوودیان لـێ وەرگرتـووە بریتیـن لەمانـەی خـوارەوە:

**١-ئاژەڵداری**

سروشـتی جوگرافیـای هەرێمـی جەزیـرە یارمەتیـدەر بـووە لـە بوونـی ڕێژەیەکـی بەرچـاو لـە ئـاژەڵ بەتایبەتـی مانـگا و مـەڕو بـزن کـە بـۆ ماسـت و پەنیـر و گۆشـت سـوودیان لـێ وەرگیراوە(ابـن العـبري، ١٩٩١، ص ص١٣٣-١٣٤). شـایانی باسـە دێـرەکان کاری ئاژەڵدارییـان تێـدا کـراوە، لـە دێـری نـاسراو بـە (ديـر الكلـب) دا لـە میافارقیـن مەسـیحییەکان ئاژەڵیـان بـە مەبەسـتی نەزرکـردن تێـدا سـەر دەبڕی(ياقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، مـج٢، ص٥٣٠؛ عبـد محمـد، ١٩٨٩، ص١٥٣). یەکێـک لـەو شـتانەی جێگـەی سـەرنجە لـە دێرەکانـدا ڕەبەنـەکان خەریکـی کاری دەسـتی و کشـتوکاڵ و کێڵگـە و بەخێوکردنـی ئـاژەڵان بـوون، حەسـیریان دروسـت دەکرد(البيرابونـا، ١٩٨٦، مـج١، ص١٥٥)، ئەمـە ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە مەسـیحییەکان لـە کەنیسـە و دێرەکانـدا تەنیـا بـە خواپەرسـتییەوە خەریـک نەبـوون، لەپـاڵ ئەرکـە ئایینیەکانیـان کاریشـیان کـردووە، ئەمـەش وایکردبـوو جۆرێـک لـە سـەربەخۆیی دارایـی بـە دەسـت بێنـن وەکـو دێرەکانـی (جـب) و (مـار متـى) و (مـار میخائیل)(دوفـال، ١٩٩٢، ص ص٢٣٩-٢٥٤) لـە دوای پێگەیشـتنی بەرهەمـەکان ڕەبەنـەکان بەرهەمەکانیـان دەفرۆشـت و ژیانـی خۆیـان پـێ دەگوزەرانـد، یارمەتـی هەژارانیشـیان پـێ دەدا (البيرابونـا، ١٩٨٦، مـج١، ص١٥٥)، لـە ئەنجامـی ئـەوەی ڕابـورد ئـەو هەڵـە تێگەیشـتنەی زۆرێـک کەسـمان بـۆ دەردەکەوێـت کـە وا دەزانـن مەسـیحییەکان لـە کەنیسـە و دێرەکانـدا تەنیـا خەریکـی خواپەرسـتی بـوون و بەتـەواوی وازیـان لـە دونیـا هێنـاوە.

**٢، ١-کشتوکاڵ**

هەرێمـی جەزیـرە چالاکییـە ئابوورییەکانـی بەخـۆوە بینیـووە لەوانـە کشـتوکاڵ کـە پانتاییەکـی باشـی ئـەو هەرێمـەی داگیـر کردبـوو، دانیشـتووانەکەی خەریکـی ئـەم کارە بـوون، لەوانـە شـاری ئامـەد بـە ناوەندێکـی ئابووریـی گرنـگ نـاسراوە (ياقـوت الحمـوي، ١، ١٩٥٦/ص٥٦)، و شـاری ڕوهـا زەوییەکـی فراوانـی هەیـە و بـە گرنگتریـن شـاری ئـەم هەرێمـە دادەنرێت(حـمادي، ، ١٩٧٧ص١٢٩)، شـتێکی ڕوونـە کـە زۆربـەی دانیشـتووانەکەی مەسـیحی بـوون. مەسـیحییەکان لـە تـەواوی ناوچەکانـی هەرێمـی جەزیـرە ڕۆڵیـان بینیـوە لـە بوارەکانـی کشـتوکاڵی و پیشـەگەری و بازرگانی(عبـد محمـد، ١٩٨٩، ص١٢٩). لـەم سـۆنگەیەوە ئامـاژە بـە گرنگتریـن ئـەو بەرووبوومـە کشـتوکاڵییانە دەکەیـن کـە مەسـیحییەکانی هەرێمـی جەزیـرە بەرهەمیـان هێنـاوە

**١-دانەوێڵە**

لەبـەر ئـەوەی دانەوێڵـە بەتایبـەتی گەنـم و جـۆ دوو بەرهەمـە خۆراکـی سـەرەکین هـەر بۆیـە بایەخێکـی زۆریـان پـێ دراوە بەتایبەتـی گەنـم چونکـە دەکرێتـە نـان و ڕۆژانـە بـەکار دەهێنرێـت، وە هەندێکجـار وەکـو چارەسـەریش بەکاریـان هێنـاوە، کـەم شـار و ئاوەدانـی هەبـووە بـە بەرهەمـی گەنـم و جـۆ بەناوبانـگ نەبووبێـت لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەو دوو خۆراکـە خواردنـی سـەرەکی ئـەو کاتـە بـووە، وە هیـچ جیاوازییـەک لـە نێـوان ئاییـن و نەتەوەکانـدا نییـە و، هەمـووان پێویسـتییان پێیەتـی و بەرهـەم و بـەکاری دەهێنـن، بەتایبەتـی کـە نـان بـە پلـەی یەکـەم لـە دانەوێڵـە دروسـت دەکرێـت و لـە سـەرووی هەمـوو ئـەو خۆراکانەیـە کـە ژیانـی خەڵکـی پێـوە بەنـدە.

**٢-میوە**

بەهــۆی بوونــی بارانــی گونجــاو و کەشــوهەوای گونجــاو لــە ناوچەکانــی هەرێمــی جەزیــرەدا ســەرجەم جۆرەکانــی میــوە بەرهــەم دەهێــنرا، لــە دیارترینیــان ترێیــە کــە زیاتــر لــە ناوچــە چیایــی و نیمچــە چیاییــەکان بەرهەمــی یەکجــار زۆر بــووە (حســین، ، ١٩٧٦ص٢٤٠؛ محمــد، ٢٠١٢، ص١١)، هەروەهــا جەزیــرەی ئیــبن عومــەر بنکەیەکــی گرنگــی بەرهەمهێنانــی تــرێ بــوو (الیســیف، ١٩٦٩، مــج١١، ص٤٤٦).

ئــەوەی زیاتــر بــە مەســیحییەکانەوە پەیوەندیــدارە ئــەوە بــوو کــە لــە دەوروبــەری دێرەکانــدا بــاغ و بێســتان و میــوەی زۆری لــێ بــوو وەکــو دێــری (عمــر(١) أحویشــا) لــە شــاری ســەعەرد لــە دیاربەکــر، لــە دەوروبــەری ئــەو دێرانــەدا ڕەز و میــوەی ترێــی لــێ بــوو کــە لەوپــەڕی جوانیــدا بوون(العمـري، ١٩٧١، مــج١، ص٣١٠؛ الشابشــتي، ١٩٨٦، ص ص١٩٦، ١٠٤)، وە مەســیحییەکان کارامەییەکــی زۆریــان لــە کاری کشــتوکاڵیدا هەبــوو (عــدو، ٢٠١١، ص١٢٠)، مەســیحییەکان گرنگییەکــی زۆریــان بــە دانەوێڵــە داوە بەتایبەتــی بەکارهێنانــی ئــاوی جــۆ کــە بــۆ جۆرێــک لــە جۆرەکانــی مــەی بەکاریــان هێناوە(ابــن المســتوفي، ١٩٨٠، ص١٠٤)، وە لــەو شــارانەی تــر ئاکرێ(عقـرة) بــوو کــە بەهەمــان شــێوە بــە بەرهەمــی تــری بەناوبانــگ بــوو (العــاني، ٢٥٢، ١٩٨٦)، دێــری (عمـر الزعفـران) یاخــود دێــری مــار حەننــا(٢) کــە کەوتبــووە شــاری نســێبین لــە ڕۆژهەڵاتیــدا چیایــەک هەبــوو کــە بەســەر نســێبینیدا دەڕوانــی، وە لــە دەوروبەریــدا دار و درەختێکــی زۆری ترێــی هەبوو(الشابشــتي، ١٩٨٦، ص١٩١)، ناوچەیەکــی دەوڵەمەنــد بــوو، ئــاوی زۆر بــوو، جــا لــە دێرەکانــدا جگــە لــە ڕەبەنــەکان پیاوانــی جووتیــار هەبــوون کــە خەریکــی کاری کشــتوکاڵ و کێڵگــە بــوون (البیرابونــا، ١٩٨٦، مــج١، ص١٥٥)، لەوانــە لــە دێــری مــار میخائیلــدا کــە کەوتبــووە ســەرووی مووســڵەوە لــە نزیکــی ڕووبــاری دیجلــە بــوو، لــە دەوروبەریــدا میــوەی ترێــی زۆر بــوو، مەســیحییەکان خەریکــی کشــتوکاڵکردن بــوون تێیانــدا (یاقـوت الحمـوي، ١٩٤٦، ص٣٣٠)، هەروەهــا لــە گونــدی (قرتبــل) لــە نزیکــی ئامــەد مەســیحییەکان خەریکــی بەرهەمهێنانــی تــرێ بــوون بــۆ دروســتکردنی مــەی، کەواتــە مەســیحییەکان دێرەکانیــان تەنیــا بــە مەبەســتی لایەنــی مەعنــەوی بــەکار نەهێنــاوە بەڵکــو بــۆ مەبەســتی مــاددی و کشــتوکاڵکردنیش ســوودیان وەرگرتــووە.

جۆرێکــی تــری بەرهەمــی کشــتوکاڵی مەســیحییەکان زەیتــون بــوو بەتایبەتــی لــە دەوروبــەری دێرەکانــدا ڕێژەیەکــی بەرچــاو لــە زەیتــون دەچێــنرا وەکــو دێــری زەعفەران(الشابشــتي، ١٩٨٦، ص١٩٣)، هەروەهــا لــە شــاری ســنجار بــەردەوام چالاکیــی ئابــووری تێــدا ئەنجــام دەدرا (ابــن الشــداد، ١٩٩١، مــج٣، ص١٥٦) لەنــاو شــارەکە و دەوروبەریــدا دێــر و کەنیســەکان بــە دار و درەخــت و ســەوزە و میــوە دەورە درابــوون بەتایبەتــی هەنجیر(قریــاش، ٢٠٠٥، ص١٨٥)، لــە نســێبینیش گرنگییەکــی بەرچاویــان بــە زەیتــون دەدا و ســوودێکی زۆریــان لــێ دەبینــی (الشابشــتي، ١٩٨٦، ص١١٦؛ زیــات، ٢٠١٠، ص٣٩)، ئــاو و کێڵگــەی کشــتوکاڵی زۆری هەبــوو (الحمیـري، ١٩٨٤، ص٥٧٧)، مەســیحییەکان بــەم جــۆرە گرنگیــی زۆریــان بــە بابەتــی کشــتوکاڵ و میــوە داوە و بەرهەمیــان هێنــاوە.

مەســیحییەکان گرنگیــان بــە دارخورمــا دەدا بــە بەڵگــەی ئــەوەی تەنانــەت خورمــای کاڵیشــیان بەرهــەم دەهێنــا (ابــن قتیبــة، ١٤٢٠، ص٣٠؛ احمــد، ، ٢٠١٤ص١٢٥). شــایانی باســە دەوڵەمەندیــی ناوچەکانــی هەرێمــی جەزیــرە بــە ڕووەکــی جۆراوجــۆر یارمەتیــدەر بــووە بــۆ کشــتوکاڵکردن، هەروەکــو لــە دێــری زەعفــەران کــە لــە ناسراوتریــن دێرەکانــی جەزیرەیــە ســوودیان لــە خورمــا بینیــوە (وەکــو بەکارهێنــەر) بــۆ بەهێزکردنــی جەســتە و ئــازاری دڵ (القطیعــي، ١٩٥٤، مــج٢، ص ص٥٦١-٥٦٢) ئەمــەش بــۆ لایەنــی ئابــووری گرنگە(عبــد محمــد، ١٩٨٩، ص١١١)، ناوچەکانــی جەزیــرە کەشــوهەوایان فێنکــە لەبــەر ئــەوە خورمایــان بــە کەمــی تێــدا دەچێــنرا، زیاتــر ســوودیان لــە دەوروبــەر وەردەگــرت لــە ناوچــە گەرمــەکان.

**٣-پەمۆ**

پەمــۆ لــەو هەرێمــەدا زیاتــر لــە ســەرێکانی(ابن حوقــل، ١٩٧٩، ص٢٠٣) و مووســڵ بەرهــەم دەهێنرا(مارکــو بولــو، ١٩٩٥، ص ص٥٦-٥٧)، هەروەهــا لــە حــەڕان و ماردیــن(٣) و حەســەنکێف بەرهــەم دەهێــنران، لەبــەر ئــەوەی ئاوهەواکــەی بــۆ بەرهەمهێنانــی ئــەم جــۆرە بەرهەمــە گونجــاو بوو(عبــد محمــد، ١٩٨٩، ص٢٢٠). مارکــۆ پۆلــۆ لــە میانــەی گەشــتەکەیدا بــۆ مووســڵ دەڵێــت،، مووســڵ ویلایەتێکــی گەورەیــە و

چەنـدان نەتـەوەی جۆراوجـۆری تێدایـە وەکـو موسـڵمانان و مەسـیحییەکان و چەندیـن نەتـەوەی تـری تێدابـوو، پەمـۆی زۆری تێـدا بەرهـەم دەهـات و زۆربـەی چێنـەرەکان خەڵکـی مووسـڵ بوون››(مارکـو بولـو، ١٩٩٥، ص ص٥٦-٥٧).

٣، ١-پیشەسازیی مەسیحییەکان

لـەو کارانـەی کـە لـەو سـەردەمەدا دەکـران ئاسـنگەری و نانەوایی و ڕاوچێتی و سەوزەفرۆشی و ڕوونفرۆشی و ڕێسەری و...هتـد بوون(حسـن، ١٩٩٦، مـج٤، ص ص٢٢٥-٢٢٧؛ الحمـري، ١٩٦٨، ص٣؛ العجمـي، ٢٠١٧، ص٥٨). ئـەوەی شـایانی باسـە ئەوەیـە کـە لـە مـاوەی حوکمڕانیـی خەلافەتـی عەباسـیدا لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی (٧ک/١٣ز) مەسـیحییەکان بەگوێـرەی ڕێنمایەکانـی ئیسـلام ڕێگریـان لـێ نەکـراوە لـەوەی بـە ئـازادی کار و کاسـبی خۆیـان بکـەن، لەبـەر ئـەوە بـوون بـە خـاوەن کاری جۆراوجـۆری خۆیـان و کارەکانیـان بـە باشـی ئەنجـام دەدا، بۆیـە بـە خـاوەن چاکـە و قوربانیـدان ناسرابوون(بطـرس الکلـداني، ١٩٠٥، مـج١، ص٢٨٩؛ رحمـة وقاشـا، ٢٠١٨، ص٣٥٩؛ عبـد محمـد، ١٩٨٩، ص١٠٩)، وە لـە سـەردەمی مەغۆلـدا سـەرەڕای موسـڵمانبوونی مەغـۆڵ، لـە کاروبـاری ژمێریاریـدا پشـتیان بـە مەسـیحییەکان دەبەسـت(ابن العـبري، ٢٠٠٧، ص٣٧٦).

لـە دیارتریـن جۆرەکانـی پیشـەی مەسـیحییەکان ئەمانـەی خـوارەوەن:

لـە بـواری کار و پیشـەگەریدا مەسـیحییەکان خـاوەن چالاکیـی خۆیـان بـوون و بـە هۆیـەوە سـامانیان بەیەکـەوە دەنـا، بـەڵام هەندێـک جـار بەهـۆی شـەڕ و ئـاژاوەوە ئـەو سـامانەیان لـە دەسـت دەدا، بـۆ نموونـە لـە دوای داگیرکردنـی بەغـدا و ڕووخاندنـی خەلافەتـی عەباسـی، کاتێـک گـرژی کەوتـە نێـوان موسـڵمانان و مەسـیحییەکان بـە هـۆی ئـەوە مەسـیحییەکان لـە مانگـی ڕەمەزانـدا مەیـان دەخـواردەوە و سـووکایەتیان بـە موسـڵمانان دەکـرد، دواتـر موسـڵمانان هێرشـیان بـردە سـەریان و سـامانەکانیان بـە تـاڵان بردن(ترتـون، ١٩٤٩، ص٦٥٨)، جـاری وا هەبـوو، بەهـۆی ئـاژاوەی نێوانیـان و موسـڵمان نەبوونیـان هێرشـیان دەکرایـە سـەر و دەکـوژران، بۆیـە بـە ناچـاری بەرتیلیـان دەدا(ترتـون، ١٩٤٩، ص١٤٣) بەمەبەسـتی پاراسـتنی گیانیـان.

**١-پیشەسازیيە خۆراکییەکان**

بەهـۆی ئـاوی زۆر و گونجـاوی کـەش و هەواکـەی وایکردبـوو هەرێمـی جەزیـرە دەوڵەمەنـد بێـت بـە جۆرەهـا بەرووبوومـی جیـاوازەوە لەوانـە بەرهەمـە خۆراکییەکان(عبـد محمـد، ١٩٨٩، ص٢٩٤)، جـا دروسـتکردنی مـەی لـە و پیشەسـازییانەی ئـەو سـەردەمەیە کـە لـە ناوچـە مەسـیحی نشـینەکاندا دەهێـنرا و لـە ناسراوەکانیشـیاندا ئاماژەیـان بـەوە کردووە(الزوقنینـي، ٢٠٠٦، ص ص٢٤٤، ٢٢٨، ١٥٣) بەتایبەتـی ئـەو پیشـەگەرانەی کـە لـە دێـر و کەنیسـەکاندا مەییـان دروستدەکرد(الشابشـتي، ١٩٨٦، ص١٩٨)، شـوێنەکانیان سـەوزایی بـوون و توانیویانـە نایابترینـی جۆرەکانـی مـەی دروسـتبکەن، لەوانـە لـە گونـدی (قرتبـل) لـە نزکـی ئامـەد، هەروەهـا لـە ئاکـرێ مـەی لـە تـرێ بەرهەمدەهێـنرا، هەروەهـا لـە شـوێنەکانی تریـش، وە مەسـیحییەکان ئـەم میوەیەیـان بەتایبەتـی بـۆ بەرهەمهێنانـی دروسـتکردنی مـەی بەکاردەهێنا(عبـد محمـد، ١٩٨٩، ص٢٩٤).

بابەتـی مـەی جۆراوجـۆر بـووە، وەکـو مـەی مێـوژ کـە لـە ترێـی ڕەش دروسـت دەکـرا، هەروەهـا مـەی خورمـای کاڵ و هیـی ئـاوی جـۆ کـە وەکـو چارەسـەریی پزیشـکییش بـەکار هێـنراوە، وە لـە ناوچـە چیاییـەکان مـەی (فقـاع) بەرهـەم هێـنراوە و گرنگیـی زۆری پـێ دراوە. یەکێـک لـەو شـوێنانەی کـە مـەی تێـدا دروسـت دەکـرا دێـرەکان بـوون، لـە دیارترینیـان دێـری (اکمـن) یـا (اکمـل) بـوو کـە بەسـەر بەرزاییەکانـی جودییـەوە دەڕوانـی و جـۆرە مەیێکـی تایبەتـی تێـدا دروسـت دەکـرا کـە لـە نایابترینـی جۆرەکانـی مـەی بـوو لای مەسـیحییەکان و بـە میـرات نەدەگیـرا (یاقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، مـج٢، ص١٣٦، مـج٤، ص٣٣٤)، هەروەهـا لـە نایابترینەکان ئـەوەی دێـری (عمـر احویشـا) بـوو لـە نزیـک سـێرت لـە دیاربەکـر. پیشەسـازیی جۆرەکانـی مرەبـا و ڕۆن و شـیرنەمەنی و پەنیـر و جۆرەکانـی خواردنـەوە هەبـوو؛ پیشەسازیی ڕۆن و زەیـت و سرکە(خـل) خۆراکێکـی گرنگیـان بـووە، هەندێـک جـار مەسـیحییەکان لـە بـری سـەرانە(جزیة) بـە موسـڵمانانیان داوە (یاقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، مـج٢، ص١٣٦)، جـا ئـەم کارانـە بـۆ سـەردەمانێکی کۆنـتر دەگەڕێنـەوە و سـەلمێنەری ئـەوەن کـە مەسـیحییەکان لـەو سـەدەمەدا ئـەو جـۆرە کارانەیـان ئەنجـام داوە، جـا هەرچەنـدە زانیاریـی مێژووییـمان لەبـارەی جـۆری

ڕۆن و زەیتەکان و چۆنیەتیی ئامادەکردنیان نییە، بەڵام ڕۆنی ئاژەڵ لەو سەردەمەدا جۆرێکی باوی ڕۆن بووە کە بەز و دونگی ئاژەڵیان تواندۆتەوە و سوودیان لێ وەرگرتووە، هەر سەبارەت بە زەیتون لە شاری نسێبین سوودی زۆری لێ وەرگیراوە بەتایبەتی جگە لەوەی خواردوویانە زەیتیشیان لێ بەرهەم هێناوە (الشابشتي، ١٩٨٦، ص١١٦؛ زيات، ٢٠١٠، ص٣٩؛ كي لسترنج، ١٩٥٤، ص١٢٨)، و لەلایەکی ترەوە مەسیحییەکان پیشەی نانەواییان کردووە بەتایبەتی لە دێرەکاندا وەکو دێری مار ئۆجین، کە کاری نانەوایی تێدا کراوە و ئامرازەکانی هەویرکردن و نانکردنیان تێدا بەکار هێناوە(الشابشتي، ١٩٨٦، ص٣٧٦).

**٢-پیشەسازیی کەرەستەی بیناسازی**

ناوچەکانی ئەم هەرێمە بۆ کەرەستەی بیناسازی لەباربوو، ئەمەش بەهۆی بوونی دۆڵ و چیا و دەشت و ڕووبار، ئەمە و سەرباری لێهاتوویی خەڵکی ناوچەکان و بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە لە دروستکردنی خانوو و باڵەخانەدا. شایانی باسە چەندەها جۆری بەردی سپی و ڕەش و شین لە دروستکردنی دێر و کەنیسە و شورا و پردەکان بەکار دەهێنران (القطيعي، ١٩٥٤، مج١، ص٤٣٩؛ ياقوت الحموي، ١٩٩٥، مج٤، ص ص٦٨٢-٦٨٣؛ خسرو، ١٩٧٠، ص١٠؛ عبد محمد، ١٩٨٩، ص٢٩١)، هەروەها لە کەنیسەکاندا بەردی هاوبەش لەگەڵ ئاسن و قوڕقوشم(رصاص) و قسڵ و (گلس) لەسەر زەویی کەنیسەکان ڕادەخران(ابوشامة، ١٩٧٧، مج١، ص٣٥١؛ خسرو، ١٩٧٠، ص١٠)، ئەمانە بەڵگەی پیشەسازین لەوانە پیشەسازیی گەچ و بەرد و هونەری بینەسازی و هەڵکۆڵینە، جا مەسیحییەکانی ئەو هەرێمە وەکو موسڵمانان خاوەنی پیشەسازیی خۆیان بوون بۆ نموونە دێری مەتا لە مووسڵ بیناسازییەکەی باش و پتەو بووە، زۆربەی لە تاشەبەردی هەڵکەنراو دروستکراون و کۆمەڵێک دەرگای گەورەی هەبوو(عبد محمد، ١٩٨٩، ص٢٨٧)، هەروەها دێری (القيارة) لای ڕۆژئاوای مووسڵ، لە ناویدا پایەی هەبوو(الشابشتي، ١٩٨٦، ص٣٠٣)، کە ئەمە بەڵگەی هەبوونی پیشەسازی و بیناسازی مەسیحییەکانە، هەروەها وێنە لەسەر دیواری کەنیسە و دێرەکان دەکێشرا، بۆ نموونە وێنەی پیاوە ئایینییەکانیان دەکێشران وەکو دێر و کەنیسەی مار بەهنام لە نزیکی مووسڵ (الديوەجي، ١٩٧٠، ص١٢٨؛ رحمة وقاشا، ٢٠١٨، ص١٤٣)، لەم کەنیسەیەدا وێنەی سەرنجڕاکێش کێشرابوون(رحماني، ١٩٢٨، ص٢٤) و خەڵکی لە دوورەوە بۆی دەچوون، تا ئەو نەخش و نیگار و ئەندازیارییانە ببینن، شایانی باسە ئەمانە تاوەکو ئێستاش ماون، هەروەها پەیکەری گەچی تێدا بەکار هێنراوە(الحارثي، ٢٠٠٧، ص٢٢٦).

لە دیارترین ئەو کەسایەتییانەی ڕۆڵیان هەبوو لە گەچکاری و هەڵکۆڵین و وێنەکێشی، لەو کەسانە:

١- (أبوالفتح بن بركات) ناسراو بە ئیبن توما لە گەچکارە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە بوو، لە شوێنە جێماوەکانی وێنەیەکە لە دێری مار بەهنام لەسەر دیواری لای ڕۆژهەڵاتی کەنیسەکە (الديوەجي، ١٥٦، ١٩٧٠).

٢- مسعود بن يوسف العسال: ناوبراو بە ئیبن تۆما ناسراوە، لەو بەردهەڵکۆڵەرانەیە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە، لە شوێنەوارەکانی لەسەر گۆڕ و گڵکۆی مار بەهنامە، گۆڕەکەی لە بەردی مەڕمەڕە و بە زمانی سریانی و عەرەبی لەسەری نووسراوە (الديوەجي، ١٩٧٠، ص١٧٦؛ برصوم، ١٩٩٦، ص١٧٥)، بە فریزی ڕازاوە (افريز) دەورە درابوو، وە بە زمانی عەرەبی نووسرابوو مجێور(دیاکۆن) هورمزی کوڕی قەشە بەم کارە هەڵساوە(فرام، ١٩٥١، ص١٧٤، ٩٥)

٣- أبوسالم: لەو دارتاش(نجار) انەی ئەو کاتە بوو، وە لە ڕەبەنە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەیە، لە شوێنەوارەکانی کە تاوەکو ئێستا ماوەتەوە، ئاماژەیە بۆ لێهاتوویی و لێزانی دەرگای(الأقدس) ە لە دێری (جوب) یا (ماربهنام) کە بە دێری (خزر)یش ناسراوە، ئەمە تەختەیەکی جێگیرکراوە بە دیواری(قدس الأقداس)ەوە، بە هاوکاریی هاورێیەکی ئەم کارەی ئەنجام داوە(الديوەجي، ١٩٧٠، ص١٥٩، أفرام، ص، ٩٦).

٤- مسعود بن يعقوب بن مبارك نارج البرطلي: ناوبراو لەو وەستایانەیە کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە و بەشدار بووە لە دروستکردنی پایەکانی دێری مار بەهنام، لەسەر گۆڕی مار بەهنام نووسرابوو ‹‹ئەمە کاری بەندەی هەڵکار مەسعودی کوڕی یەعقوبی کوڕی موبارەکە، خوا بەزەیی بەو کەسەدا بێتەوە کە داوای بەزەیی پێداهاتنەوەی

بـۆ دەکات››(الديوەجـي، ١٩٧٠، ص١٧٧).

٥- قەشــە ڕەحمــون: بیناســاز و وەســتایەکی دەســتڕەنگین بـوو، لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی(٦٧٠ک/١٢٧١ز) بێبەرامبـەر دێـری مـار ئۆجینـی(٤) نۆژەنکـردەوە کـە نزیکـی نسێبینە(الشابشـتي، ١٩٨٦، ص٣٧٦)٬

ئەمانـە کۆمەڵێـک نموونـە بـوون لـەو بـارەوە کـە نەخـش و نیـگاری ئەندازیـار و وەسـتا مەسـیحییەکان دەردەخـات لـە دروسـتکردنی دێـر و کەنیسـە و خانـوو و کۆشـکەکانەوە، ئەمانـە جۆرێـک لـە پسـپۆڕیان بەدەسـت هێنابوو(حبيـب، ١٩٩٠، ص٢٧٥)، جـا ئـەو شـوێنەوارانە لـەو سـەردەمەدا زیاتـر لـە پاشـماوەی دێـر و کەنیسـەکانیان ڕەنـگ دەداتـەوە.

**٣-پیشەسازییە کانزاییەکان**

لــە کارەکانــی تــری مەســیحییەکان کاری مامەڵەکــردن و گۆڕینــەوەی دراو بــوو ئەمــەش بەهــۆی ئــەو پێگــە گرنگــەی هەرێمــی جەزیــرە بــوو کــە زۆرێــک لــە دراوە ناوەخۆیــی و بیانییــەکان تێیــدا مامەڵــەی پێــوە دەکــرا. شــایانی باســە لــە سـەردەمی خەلافەتـی عەباسـی و مەغـۆل لـە لایـەک و نزیکـی هەرێمـی جەزیـرە لـە ئیمپراتۆرییەتـی بێزەنتـە و شـام و عێـراق دراوی جۆراوجــۆر کار و مامەڵــەی پێــوە دەکــرا، لەبــەر ئــەوە مەسـیحییەکانی ئـەم هەرێمـە خاوەنـی پیشـەی دراو گۆڕینـەوە بوون(ابـن الفوطـي، ١٩٣٢، ص ص٦٣-٦٩ابـن العـبري، ٢٠٠٧، ص ص٤٧٩-٤٨٠؛ عبــد محمــد، ١٩٨٩، ص١٠٤؛ آل ياســين، ٢٠١٠، ص٩٧)، وە ئافرەتەکانیشـیان هاوشـێوەی پیـاوان ئـەو کارەیـان ئەنجـام دەدا(خـوري، ١٩٩٨، ص٦٧)، هەرچەنـدە مەسـیحییەکان خـاوەن دراوی سـەربەخۆی خۆیـان نەبـوون، زیاتـر بەکارهێنـەر بــوون نــەوەک دروســتکەر، ئەمــەش لەبــەر ئــەوەی خــاوەن دەوڵەتـی سـەربەخۆی خۆیـان نەبـوون بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کاری دراو گۆڕینەوەیـان کـردووە و شـارەزاییەکی باشـیان لـەو بـوارەدا هەبـووە.

لــە ســاڵی (٦٨٥ک/١٢٨٦ز) کــورد و تــورک و عــەرەب سـوپایەکیان پێـک هێنـا و هێرشـیان کـردە سـەر مەسـیحییەکانی مووســڵ، مەســیحییەکان لــە ترســانا زێــڕ و زیوەکانیــان لــە بــازاڕی کوتاڵفرۆشــان شــاردەوە(ابن العــبري، ١٩٩١، ص٣٥٢؛ الموصـلي، ١٩٢٣، مـج٣، ص ص٢٤٢-٢٤٣)، جـا کـوڕی یەکێـک لـە زێڕینگرەکانـی ئـەو شـارە کەوتـە دەسـتی ئـەو سـوپایە و نەیتوانـی لـە کوشـتن ڕزگاری بکات(ابـن العـبري، ١٩٩١، ص٣٥٢)، ئەمانــەی بــاس کــرا بەڵگــەی ئــەوەن کــە مەســیحییەکانی هەرێمــی جەزیــرە خەریکــی کاری زێڕنگــەری بــوون.

مــادەی قیــڕ یەکێکــی تــرە لــەو کانزایانــەی کــە مەســیحییەکان بــۆ بینــاکاری و وەکــو چارەســەر بەکاریــان هێنــاوە بەتایبەتــی گەرمــاوەکان، و بــۆ دروســتکردنی کەشــتی ســوودی لــێ وەرگیراوە(العــاني، ١٩٨٦، ص٢٥٨). و ئــەوان ئـەم ماددەیەیـان بـۆ ناوچەکانـی تـر دەنـارد بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی کەشـتی و گەرمـاو و بـۆ پێسـت سـوودیان لـێ دەبینی(الشابشــتي، ١٩٨٦، ص٣٠٢؛ العــاني، ١٩٨٦، ص٢٥٨)، ئیـبن شـەداد ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە کەنیسـە و دێـرەکان گەرماویـان تێـدا بووە(ابـن شـداد، ١٩٩١، ص٦٢٠)٬ ئەمـە مانـای وایـە کەسـی تایبـەت لەسـەر گەرمـاوەکان دانـراون و بـەردەوام خەریکــی ڕێکخســتنی کارەکانــی نــاو گەرمــاوەکان بــوون.

سـەبارەت بـە پیشەسـازیی خشـڵ و جوانـکاری، یەکێـک لــەو کارانــەی ئــەو ســەردەمە پیشــەی کانزایــی بــوو کــە مەسـیحییەکان تێـدا دەسـتڕەنگین بـوون، وە ئـەو پیشـەیە لـە هەرێمــی جەزیــرەدا زۆر بــووە (ابــن الأكفــاني، ١٩٣٩، ص٦٤)، لەوانــە کاری زێــڕ و زیــو و ئاســن و قیــڕ و...هتد(الديوەجــي، ١٩٧٠، ص٥١)، لەبـەر ئـەوە زۆرێـک لـە مەسـیحییەکان خـاوەن پیشــە بــوون لــە زێڕینگــر و بۆنســاز و دراو گــۆڕەڕەوە، لــە ئەنجامــدا هەندێکیــان بــوون بــە خــاوەن ســامان و پێگــەی بەرز(ابــن الفوطــي، ١٩٣٢، ص ص٦٣-٦٩؛ ابــن العــبري، ٢٠٠٧، ص ص٤٧٩-٤٨٠؛ عبــد محمــد، ١٩٨٩، ص١٠٤) وەکــو نەفیســی زێڕینگـر کـە لـە مووسـڵ بـە سـامانداری ناسرابوو(ابـن العـبري، ١٩٩١، ص٣٢٠).

**٤-پیشەسازیی ڕستن و چنین**

ناوچەکانــی هەرێمــی جەزیــرە بــە جۆراوجۆرێتــی ئــەو پیشەســازییە بەناوبانــگ بــوو، وە بنکەیەکــی ئــەو جــۆرە پیشەسـازییە بـوو لەبـەر ئـەوەی کەرەسـتەکان لەبەردەسـتدا بـوون لـە خـوری و پەمـۆ و سـوف و بەرهەمەکانـی تـر. جـا هەرچەنــدە لــە چەنــد شــوێنێکی کــەم ئامــاژەی ڕوون بــە مەسـیحییەکان کـراوە بـەڵام بێگومـان مەسـیحییەکان بەشـێکی بەرچـاوی ئـەو کارە بـوون و لـە سـەرچاوەکان ئاماژەیـان بـۆ کرابــێ یــا نــا بەشــێکی دانەبــڕاوی چالاکییەکانــی هەرێمــی

جەزیـرە، وە بەگوێـرەی هەڵسـوکەوتی بـاش یـا نادروسـتانە بـارودۆخ و کارو چالاکییەکانیـان گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە.

لـەم سـەردەمەدا پۆشـاکی جۆراوجـۆر دروسـت کـرا لەوانـە (زنـار) کـە پۆشـاکێکی ئەسـتوورە، مەسـیحییەکان لـە کەمەریـان دەبەسـت، ئـەم قوماشـە لـە ئاوریشـم و خـوری و پەمـۆ دروسـت دەکـرا (المقریـزي، ١٩٩٥، ص١١١). لـە پیشەسـازییەکانی تـری هەرێمـی جەزیـرە پۆشـاکی (حـزة) (٥) بـوو کـە شـارۆچکەیەکی نزیـک ئەربیلـە، لەبـەر نایابـی و جیاوازییەکـەی ئـەو نـاوەی لـێ نراوە(یاقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، مـج٣، ص١٤٦؛ حسـین، ٢٤٢، ١٩٧٤)، مارکـۆ پۆلـۆ دەڵێـت»« خەڵکـی مووسـڵ خـاوەن پیشـەی جۆراوجـۆر بـوون وەکـو ڕسـتن و چنیـن چونکـە پەمـۆی زۆری تێـدا بەرهـەم دەهێـنرا»(١٩٧٧، ص ص٥٦-٥٧)، هەروەهـا پۆشـاکی (غیـار) (٦) کـە لـە کەمـەر دەبەسـترێت و خەڵکەکـە پۆشـیویانە، مەسـیحییەکان پشـتێند و مێـزەر، یـا جامانـەی ڕەنگاوڕەنـگ و هێڵداریـان بـەکار هێناوە(المقریـزي، ١٩٩٥، ص١٣٥).

**٤، ١-بازرگانی**

بازرگانـی لـەو سـەردەمەدا بەبـەراورد بـە پێشـووتر پێشـکەوتووتر بـوو لـەڕووی چەندێتـی و جۆرێتییـەوە، مەسـیحییەکانیش هاوشـێوەی موسـڵمانان خەریکـی ئـەو کارە بـوون(آل یاسـین، ٢٠١٠، ص٩٧)، و ڕۆڵـی بەرچاویـان بینیوە(بطـرس الکلـداني، ١٩٠٥، مـج١، ص٣٨٩؛ ابواسـحق، ١٩٤٨، ص٥٨). لـە سـەردەمی عەباسـییەکان مەسـیحییەکان ڕێـگای کارکردنـی لـە مەسـیحییەکان نەدەگـرت، هـەر بۆیـە ڕێژەیەکـی بەرچاویـان بـوون بـە کەسـانی بـازرگان (نـصری الکلـداني، ١٩٠٥، مـج١، ص٣٨٩) لەوانـە ئەعلەمەددیـن ئەعقوبـی مەسـیحی بازرگانێکـی نـاوداری ئـەو سـەردەمە بـوو، خەڵکـی گونـدی بەرقوت(بێرکـۆت) ی نزیـک ئیربیـل بوو(مۆڵـف مجهـول، ص٣٩٣؛ ابـن العـبري، ١٩٩١، ص ص٣٣٤-٣٣٥؛ اسـماعیل، ١٩٧٠، ص٢١٠)، هەروەهـا ڕەحبـی پزیشـک یەکێـک بـوو لـە بازرگانـە مەسـیحییەکانی ئـەو سـەردەمە(ابن العـبري، ٢٠٠٧، ص ص٤٧٩-٤٨٠؛ عبـد محمـد، ١٩٨٩، ص١٠٤)؛ مەسـیحییەکان لـەڕووی کاری بازرگانـی و پیشـەگەری چـالاک بوون(عبـد محمـد، ١٩٨٩، ص١٠٩)، تەنانـەت کاهیـن و ئوسـقوف و قەشـە و پیاوانـی تـری ئایینـی مەسـیحی جگـە لـە کارە ئایینییەکانیـان کاری تریـان دەکرد(ابـن العـبري، ١٩٩١، ص ص٢٨٩-٢٩٠)؛ شـایانی باسـە ئامـاژە بـەوە کـراوە هەندێـک جـار موسـڵمانان بـەزۆر سـامانیان لـە مەسـیحییەکان سـەندووە، لەوانـە ئامـاژە بـە سـاڵی پاشـای ئەیوبـی کـراوە کـە ئـەو کارەی ئەنجـام دابێـت (ترتـون، ١٩٤٩، ص١٤٤).

لـە نموونـەی کاری خێرخوازیـی پیاوانـی مەسـیحی عەفیفـی کـوڕی مەرجـای واسـیتیە کـە پەنجـا درهەمـی بـە دێـری بەرصومـا بەخشـی لـە ماردیـن لەبـەر ئـەوەی قازانجێکـی زۆری لـە کارە بازرگانییەکانیـدا کردبوو(یاقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، مـج٢، ص٣٣)، ئـەوە لـەو سـەردەمەدا باوبـوو کـە پیـاوە دەوڵەمەنـدە مەسـیحییەکان سـامان و دیارییـان بـە کەنیسـە و دێـرەکان دەبەخشـی(المدور، ١٩٨٢، ص٣٥١)، و ئـەوەی جێـگای تێڕامانـە ئەوەیـە کـە دێـرەکان کەوتبوونـە سـەر ڕێـگا بازرگانییەکان(الکعبـي، ٢٠٠٩، ص٧٦)، و لـە تایبەتمەندییەکانـی مەسـیحییەکانی عێـراق ئـەوە بـوو کـە دێرەکانیـان لای دارخورمـاکان دروسـتدەکرد کـە بـۆ لایەنـی بازرگانـی بەسـوود بوو(زیـات، ٢٠١٠، ص١٧)، هەروەکـو زانـراوە بەشـێکی هەرێمـی جەزیـرەی ئەوسـا بەشـێکی ئێسـتای عێـراق پێـک دەهێنێـت.

بازرگانیکردنـی مەسـیحییەکان جۆراوجـۆر بـوو، وە هـەردوو جـۆری بازرگانیـی ناوخۆیـی و دەرەکـی لەخـۆ دەگـرت، لێـرەدا بـە پوختـی ئامـاژە بـە هـەردوو جـۆری بازرگانییەکـە دەکەیـن.

**١-بازرگانیی ناوخۆیی**

مەبەسـت لـە بازرگانیـی ناوخۆیـی بزاوتـی ئاڵوگـۆڕی بەرهەمـە تایبەتیەکانـی ناوخۆیـە، جـا خواردەمەنـی بێـت، یـا دروسـتکراو و زیاتـر پشـتیان بـە ڕێـگای وشـکانی دەبەسـت. جگـە لـە هـۆکاری خواسـتی زۆر بازاڕەکانـی شـارە گـەورەکان بـەردەوام ئـاوەدان بوون(محمـەد، ٢٠١٢، ص٢٥)، لەوانـە شـەکر هـاوردە دەکـرا، لەبـەر ئـەوەی شـەکر لـە ناوچەکانـی هەرێمـی جەزیـرەدا بەرهـەم نەدەهێنرا(ابـن کثیـر، ١٩٩٠، مـج١٣، ص١٨٤)، دوای ئـەوەی هێنایانـە ئـەم هەرێمـە لـە ناوخـۆدا بازرگانیـان پێـوە دەکـرد بەتایبەتـی لـە نێـوان شـارەکانی سـنجار و سـەرێکانی و، بازرگانـەکان بـەو هۆیـەوە سـامانێکی زۆریـان دەسـت کەوت(محمـد، ٢٠١١، ص١٨١)و بازرگانیـی ناوخۆیـی پـێ بووژایـەوە. وە لـە بەرتلـە بـازاڕ و

کڕیـن و فرۆشـتن هەبـوو لـە نێـوان مەسـیحییەکان و زۆربـەی دانیشـتووانەکەی مەسـیحی بـوون، و داهاتـی سـاڵانەی دەگاتـە بیسـت هـەزار دینـاری سـوور(یاقوت الحمـوي، ١٩٥١، مـج١، ص٣٨٥).

ابـن الأثیـر لـە (الکامـل في التاریخ)ەکەیـدا لـە چەندیـن شـوێنی پەرتووکەکەیدا ئاماژە بـە کاریگەریـی نەرێنی کارەساتە سروشـتییەکان دەکات لەسـەر بـاری ئابووریـی دانیشـتووانی جەزیـرە بـە موسـڵمان و مەسـیحییەکانەوە، وە ئەفرام عەبـدال لـە (اللؤلـؤ النصیـد)دا ئامـاژە بـەوە دەکات کـە مەسـیحییەکان لــە ڕووی بیناســازی و شــێوەکاری و ڕازاندنــەوەی دێــر و کەنیسـەکاندا سـامانێکی زۆریـان بـە خـەرج داوە.

لـە گرنگتریـن کاڵا بازرگانییـە ناوخۆییـەکان کـە مەسـیحییەکان بازرگانییـان پێـوە دەکـرد، ئەمانـەن:

**٢-بازرگانیی مەی**

بازرگانیـی مـەی لـە ناوچەکانـی هەرێمـی جەزیـرەدا لـە لایــەن مەســیحییەکانەوە ئەنجــام دەدرا لەوانــە هەروەکــو لــە پێشــووتر باســمان کــرد لــە دێرەکانــی (عمــر احویشــا) و شـارەکانی سـێرت و ئـەرزن و ناوچەکانـی تـر ئـەم جـۆرە شــەڕابە مامەڵــەی پێــوە دەکرا(الشابشــتي، ١٩٨٦، ص١٩٨)، وە مەیەکانیــان جۆراوجــۆر بوون(زیــات، ٢٠١٠، ص٣٩)؛ دەقێکــی مێژوویـی هەیـە ئامـاژە بـە جۆرێکـی نایابـی مـەی دەکات لـە باکـووری جەزیـرە لـە دێـری ئەبـو یوسـف(٧) و دەگوازرایـەوە بـۆ ناوچەکانـی تـر و دەفرۆشرایـەوە، لەبـەر ئـەوەی خواسـتی لەسـەر زۆربوو(العمـري، ١٩٧١، مـج١، ص٣٠٣؛ محمـد، ٢٠١١، ص١٨٩)، هەروەهـا لـە گونـدی (قرتبـل) لـە نزیکـی ئامـەد مامەڵــە بــە مەیــەوە دەکرا(یاقــوت الحمــوي، ١٩٩٥، مــج٧، ص٦٩)، لەبـەر ئـەوە بـاج لەسـەر مـەی دانـرا وەکـو باجـی مەکوس(٨)لـە نسـێبین داهاتـی ئـەو باجـە گەیشـتە پێنـج هــەزار دینار(ابــن حوقــل، ١٩٧٩، ص١٩٣)، ئەمــەش بەڵگەیــە لەسـەر ئـەوەی کـە ڕێـژە و بـڕی ئـەو کڕیـن و فرۆشـتنە زۆر بــووە. ئــەوە ڕوونــە کــە مەســیحییەکان لــە لایــەک وەکــو خواردنــەوە بەکاریــان هێنــاوە، لەلایەکـی تـرەوە بازرگانییــان پێــوە کــردووە و ســوودی ماددییــان دەســت کەوتــووە.

٣-ڕستن و چنین

ســەبارەت بــەم جــۆرەی کارە دەســتییە ئامــاژەی کــەم هەیــە، لەوانــە لــە (حــزە) ی نزیــک ئیربیــل مەســیحییەکان ئــەم کارەیــان کــردووە و بەرهەمەکەیــان لــە شــاری ئەربیــل فرۆشـتووە(یاقوت الحمــوي، ١٩٩٥، مــج٢، ص١٤٦)، هەروەهــا لــە ماردیــن قومــاش دروســت دەکــرا و ڕەوانــەی ناوچەکانــی تــر دەکرا(کــي لســترنج، ١٩٥٤، ص١٢٦). ئیــبن عیــبری لــە ڕووداوەکانــی ســاڵی(٦٨٥ک/١٢٨٦ز) ئامــاژەی بــەزۆری میوانخانــە کــردووە لــە مووســڵ کــە بازرگانــە موســڵمان و مەسـیحییەکانی لـێ دادەبـەزی و دەمانـەوە، ئەمانـە کەلوپەلـی گرانبەهایـان لا بـووە وەکـو پۆشـاک و زێـڕ و زیـو و کەرەسـتەی تــر(١٩٥٤، ص٣٧٨-٣٨٨؛ قــداوي، ٢٠١٥، ص١٦٧).

**٤-بازرگانیی دەرەکی**

هەرێمــی جەزیــرە بەهــۆی پێگــە جوگرافــی و ســتراتیژییەکەیەوە مەڵبەندێکــی گرنگــی بازرگانیــی دەرەکــی بــوو بەتایبەتــی لەگــەڵ ناوچەکانــی عێــراق شــام و بێزەنتــە، هــۆکاری ئــەو گەشەســەندنە ئــەوە بــوو کــە کەوتبــووە ســەر ڕێــگا بازرگانییەکان(یاقــوت الحمــوي، ١٩٩٥، مــج٤، ص٣٩٠). لـەو نمونانـەی کـە زیاتـر پەیوەندیـدارە بـە مەسـیحییەکانەوە گونـدی جەدالـە کـە گوندێکـی گـەورەی مەسـیحییەکانە(یاقوت الحمــوي، ١٩٩٥، ص٣١٦) لەســەر ڕێــگای نســێبینە و دوو قۆناغ(یــەک فەرســەخ بەرامبــەرە بــە٤٨٢٠ مەتــر) لــە مووسـڵەوە دوورە، شـوێنی دابەزینـی بازرگانەکانـە، هەروەهـا شــاری ڕوهــا کــە زۆربــەی دانیشــتووانەکەی مەسیحینشــین بوون(الأصطخـري، ١٩٦١، ص٥٤؛ ابــن الفقیــە، ١٩٨٨، ص١٢٧) و بەرهەمـی زۆری بازرگانییـان هەنـاردەی عێـڕاق دەکرد(ابــن حوقـل، ١٩٧٩، ص٢٠٤)، لـەڕووی بازرگانییـەوە زۆر پێشـکەوتوو و چـالاک بـووە (عیـاش، ١٩٩٩، ص ص٣٥٤-٣٥٥)؛ تایبەتمەندیـی مەسـیحییەکانی ڕوهـا ئـەوە بـوو زیاتـر دەیانتوانـی بـە هــەرەوەزی کار بکــەن و یارمەتــی یەکتــر بــدەن.

شــایانی باســە هەندێــک جــار مەســیحییەکان کراونەتــە کارمەنــدی بــاج کۆکردنــەوە و لــەو کارەدا زیادەڕۆییــان کــردووە، لەبــەر ئــەوە لــە لایــەن موســڵمانانەوە ســکاڵایان لــە دژ بــەرز کراوەتەوە(ابــن الأثیــر، ١٩٦٣، ص١٤٨)، هەروەهــا مەغۆلەکانیــش ئــەم کارەیــان کــردووە، لەوانــە لــە ســەردەمی ئەرگــۆن(٦٨٩ک/١٢٩٠ز) میـر مەتـی شـوجاعی مەسـیحی کـە خەڵکـی مووسـڵ بـوو کرابـوو بـە سەرپەرشـتیاری کۆکردنـەوەی

باج(ابــن العــبري، ١٩٩١، ص٣٩٢)، هەندێــک جــار کاروانــە بازرگانــە مەســیحییەکان لــە لایــەن ڕێگــر و چەتەکانــەوە هێرشــیان دەکرایــە ســەر و ســامانەکانیان تــاڵان دەکرا(ابــن العــبري، ١٩٥٤، ص ص٣٨٧-٣٨٨).

**٥-گرنگترین کاڵا هاوردەکان**

زۆرێــک لــە بازرگانــەکان بەرهەمــە خۆراکییەکانیــان لــە دەرەوە دەهێنــا و دەیانفرۆشــتنەوە، جــا فرۆشــیارەکان لــە شــوێنێکی دیاریکــراودا نەدەگیرســانەوە بەڵکــو بــە کوچــە و کۆڵانەکانــدا دەســووڕانەوە و دەچوونــە هەمــوو کــون و کەلەبەرەکانــی شــارەکان، ئەمــە وایکــرد دەســەڵاتداران و خەڵکــە گشــتییەکە بــە ئاســانی دەســتیان پێیــان بگات(البنـا، ٢٠٠٧، ص١٠٧)، هەنــدێ جــار ڕەوشــی بازرگانیــی ئاڵــۆز دەبــوو و بازرگانــەکان ترســیان لــێ دەنیشــت، هەروەکــو ئــەوەی ســاڵی(٦٥٠ک/١٢٥٢ز) کاتــێ مەغۆلــەکان گەیشــتنە ڕێــگای نێــوان ســەرێ کانــی و حــەڕان کۆمەڵێــک بازرگانییــان دەســتگیر کــرد و هەموویــان کوشــتن، وە کاروانەکەیــان تــاڵان کرد(ابــن الجــوزي، ١٩٩٥، مــج٨، ص٧٨٧)، وە لــە دواتریشــدا مەغــۆل ئەوەیــان کــردە نەریــت و بــەردەوام ڕێگایــان لــە کاروانــە بازرگانییــەکان دەگــرت، لەبــەر ئــەوە ڕەوشــی ئابــووری دەشــڵەژا(ابن العــبري، ١٩٩١، ص٢٨٢؛ العمــري، ١٩٦٧، مــج١، ص١٢٩) و تــرس لای بــازرگان و خــاوەن کارەکان دروســت دەبــوو، ئــەو جــۆرە چینــە لــە لەدەســتچوونی ســامانەکانیان دەترســان.

**کاڵا هەناردەکان**

**٦-ڕستن و چنین**

ســەرچاوەکان ئامــاژە بــە نموونــەی دیــار ناکــەن لــەو بــارەوە بــەڵام ئــەوەی گومانــی تێــدا نییــە ئەوەیــە کــە مەســیحییەکانیش هاوشــێوەی موســڵمانان لــەو چالاکییانــەدا ڕۆڵــی بەرچــاوی خۆیــان بینــوە. ئیــبن عیــبری لــە ڕووداوەکانــی ســاڵی(٦٦٣ک/١٢٣٥ز) ئامــاژەی بــەوە کــردووە کــە مەغــۆل دەســتیان بەســەر کاروانێکــی بازرگانیــدا گرتــووە کــە لــە چــوار ســەد و حەفتــا بــازرگان پێــک هاتبــوون لــە ماردینــەوە بــەرەو شــام دەچــوون، لــە ئەنجامــدا کاروانەکەیــان تــاڵان کــردن و بازرگانەکانیشــان کوشــتن(١٩٩١، ص٢٨٢). هــەر ئیــبن عیــبری ئامــاژە بــە کۆمەڵێــک بازرگانــی مەســیحی دەکات کــە خەڵکــی مووســڵ بووینــە و لــە کاتــی گەڕانەوەیانــدا لەلایــەن چەتــە و ڕێگرەکانــەوە هێرشــیان دەکرێتــە ســەر و کاڵا بازرگانییەکانیــان تــاڵان دەکرێــت(٢٠٠٧، ص ص٣٧٨-٣٨٨)، هەروەهــا لــە ســاڵی(٦٨٥ک/١٢٨٦ز) ســوپایەکی پێکهاتــوو لــە کــورد و عــەرەب و تــورک هێــرش دەکەنــە ســەر مەســیحییەکانی مووســڵ، لەبــەر ئــەوە خەڵکەکــە ئــاوارە بــوون و لــە ناویانــدا بازرگانــەکان لــە دەرەوەی شــار مانــەوە بــە کاڵا بازرگانییەکانیانەوە(ابـن العـبري، ١٩٩١، ص٣٥٢)، ئەمــە بەڵگــەی ئەوەیــە لــە هەندێــک کاتــدا لــە ســەر و ماڵیــان ئەمیــن نەبــوون.

**٧-کانزاکان**

مەســیحییەکانی هەرێمــی جەزیــرە جۆرەهــا کاری جۆراوجۆریــان دەکــرد، لــەو کارانــە ســوودوەرگرتن بــوو لــە کانــزاکان بــە مەبەســتی بازرگانــی دەنێردرانــە شــارەکان بــۆ کەشــتی و گەرماوەکان(الشابشــتي، ١٩٨٦، ص٣٠٢) بەتایبەتــی مــاددەی قیــر، جــا ئــەم ماددەیــە هــاوردەی بەغــداد دەکرا(العــاني، ١٩٨٦، ص٢٥٨)، وە ئاســن هــاوردەی ناوچەکانــی عێــراق دەکرا(ابــن الــوردي، ١٩٥٤، ص٤٣)، هەروەهــا ئاســن هەنــاردەی دەوڵەتــی بێزەنتــە دەکرا(التكريتــي، ١٩٨١، ص٣٦٧).

لــە کۆتاییــدا گەیشــتین بــەوەی کــە لــەو ســەردەمەدا مەســیحییەکانی هەرێمــی جەزیــرە بزاوتێکــی ئابووریــی هەســتپێکراویان بەخــۆوە بینــی لەســەرجەم لایەنەکانــی کشــتوکاڵ و ئاژەڵــداری و کار و پیشــەگەری و بازرگانــی و خــاوەن کاری خۆیــان بــوون، وە ڕۆڵیــان لــە چالاکییــە جیاوازەکانــی لایەنــی داراییــدا بینیــوە.

**٦، ١-ئەنجام**

١-ڕەوشــی ئابــووری لــەو ســەردەمەدا بــەرزی و نزمــی بەخۆیــەوە بینیــوە، ئەمــەش پەیوەندیــی بــە کاتەکانــی ئاشــتەوایی و جەنگــەوە هەبــوە، هەروەهــا پەیوەندیــی بــە بارانباریــن و کارەســاتە سروشــتییەکانەوەش هەبــووە.

٢-لــە ڕووی کشــتوکاڵەوە هەرێمــی جەزیــرە لەڕووبەرێکــی فراوانــدا زۆرێــک لــە بەرهەمــە جیاوازەکانــی تێــدا دەچێــنرا بەهــۆی بوونــی بارانــی پێویســت و کەشــو هــەوای گونجــاو، جــا لــەو بەرهەمــە ناسراوانــەی ئــەو کات تــرێ و زەیتــون و پەمــۆن. مەســیحییەکان لــە ترێــدا مەیــان دروســت دەکــرد بــە

مەبەسـتی خواردنــەوە و بازرگانــی پێوەکـردن و دەسـتکەوتنی سـوودی مـاددی، لەبـەر ئـەوە مەیـان ڕەوانـەی شـار و ئاوەدانییـەکان دەکـرد.

٣-یەکێـک لـەو چالاکییـە ئابوورییانـەی کـە مەسـیحییەکان ڕۆڵیـان تێـدا بینیـوە کاری مـەڕ و مـاڵات بەخێوکـردن، بـە بەرهەمەکانیـان بەشـێک لـە پێداویسـتییەکانی خۆیـان پـڕ دەکـردەوە.

٤-ئـەو پیشـانەی کـە مەسـیحییەکان لـەو سـەردەمەدا خەریکـی بـوون پیشـەی جۆراوجـۆر بـوون لەوانـە ئاسـنگەری و نانەوایـی و سەوزەفرۆشـی و ڕۆنفرۆشـی و ڕێسـەری و...هتـد، واتـە مەسـیحییەکان کەسـانی کارکـەر و شـارەزا بـوون لـە بـوار و کارە جیاوازەکانـدا و بـە ئەنجامدانـی ئـەو کارانـە بژێـوی خۆیـان و خێـزان و بنەماڵەکانیـان دابیـن دەکـرد.

٥-سـەبارەت بـە لایەنـی شارسـتانی و پیشەسـازیی مەسـیحییەکان لـە بیناسـازیدا شـارەزایی باشـیان هەبـوو، بـەردی ڕەش و سـپییان بـەکار دەهێنـا لـە دروسـتکردنی خانـوو و دێـر و کەنیسـە بەتایبەتـی لـە هـەردووک پیشەسـازیی گەچـکاری و بەردسـازیدا شـارەزا بـوون، لـە ڕووی پیشەسـازیی کانزاییـەوەش خەریکـی زێڕنگـەری و بۆنسـازی و دراوگۆڕینـەوە بـوون.

٦-سـەبارەت بـە بەکارهێنانـی دراو مەسـیحییەکان وەکـو موسـڵمانان لـە مـاوەی توێژینەوەکـەدا دینـاری ئەییوبـی و بێزەنتییـان بـەکار دەهێنـا، ئەمـە لەپـاڵ بەکارهێنانـی درهەمـی زیـوی و فلـوس، وە دراوی کاغـەزی مەغۆلیـان بـەکار دەهێنـا، واتـە لـەو ڕووەوە بەگشـتی ئایینـزا و نەتـەوە جیـاوازەکان یەکسـان بـوون.

٩-مەسـیحییەکان هاوشـێوەی موسـڵمانان خەریکـی کاری بازرگانـی بـوون و ڕۆڵـی بەرچاویـان لـەو ڕووەوە بینیـوە، وە بازرگانیکردنەکەیـان دوو جـۆر بـوو، ناوەخۆیـی و دەرەکـی و لەپـاڵ پڕکردنـەوەی پێداویسـتییەکانی خۆیـان کاری بازرگانیـی دەرەکییـان دەکـرد و بەرهەمەکانیـان ڕەوانـەی شـار و ئاوەدانییـەکان دەکـرد بەمەبەسـتی بازرگانـی و دەسـتکەوتنی سـوودی مـاددی.

٧، ١-پێناسەکان

(١) عمـر: ئەمـە دەسـتەواژەیەکی سریانییـە بـە واتـای خانـوو دێـت و مەبەسـت پێـی دێـرە، وە (احويشـا) بـە واتـای بەندکراو(الحبـس) دێـت، (الحبس)یـش ئـەو ڕەبەنـە بەندکراوەیـە لـە پێنـاوی خـوا، واتـە ئەو کەسـەی خۆی بەنـد کـردووە و لـەو شـوێنە دەرناچێـت، هەمیشـە خەریکـی نوێـژ و نـزا و خواپەرستیە(الشابشـتي، الديـارات، ١٩٩٢، ص١٩٦، ١٩١).

(٢) مـار حەنـا: ئەمـە بـۆ سـەرۆک ئوسـقوفەکانی ماردیـن بـەکار دەهات(الشابشـتي، ١٩٩٢، ص١٩٣؛ عطيـة، ٢٠٠٠، ٤٨/١١)

(٣) ماردیـن: ماردیـن شـارێکی کوردییـە و کەوتۆتـە نشـینگەی دیـار ڕەبیعـە، قەڵاکـەی زۆر نـاسراوە و چاکتریـن و پتەوتریـن قەڵایـە، بـازاڕ و خانـات و قوتابخانـەی زۆری تێدایـە (ياقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، مـج٥، ص٣٩؛ ابـن القطيعـي، ١٩٩٢، مـج٣، ص١٢١٩)

(٤) ئۆجیـن: نـاوی ئۆجیـن بـۆ دوورگـەی قەڵزمـای میسـر دەگەڕێتـەوە، لـە سـەرەتادا لـە ژێـر ئاو(غـواص) بـووە، دوای ئـەوەی ژیانـی ڕەبەنێتـی لـە دێـری یاخومیـس لـە میسر هەڵبـژارد لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە قوتابییەکانـی ڕوویـان لـە شـاری نسـێبین کـرد (الشابشـتي، ١٩٩٢، ص٣٧٩).

(٥) پۆشـاکی حـەزە: لـە سـەرچاوە ئیسـلامییەکان حدیـاب بـە (حـزە) نـاوی هێـنراوە کـە شـارۆچکەیەکی بچووکـە لـە نزیکـی ئیربیـل، زۆربـەی دانیشـتوانەکەی مەسـیحین(إبن حوقـل، ١٩٧٩، ١٩٦؛ یاقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، ١٤٦/٣)

(٦) پۆشـاکی غیـار: ئەمـە لـە (غایـر) ەوە وەرگیـراوە واتـە پێچەوانـە جووڵانـەوە، لـە نەریتـدا بـۆ ئـەو نیشـانە بـەکار دێـت کـە دەخرێتـە سـەر خەڵکانـی پەیـمان لـە ئەسـتۆ(أهل الذمـة) بـۆ جیاکردنەوەیـان لـە موسڵمانان و ناسینەوەیان(المقريزي، ١٩٩٥، ١٣٥؛ خصباك، ١٩٦٨، ص١٩٥).

(٧) دێـری ئەبـو یوسـف: ئـەم دێـرە دەکەوێتـە هەرێمـی جەزیـرە لـە باکووری شـاری مووسـڵ (ياقـوت الحمـوي، معجـم البلـدان، ٣٣٢/٢).

(٨)باجـی مەکـوس: جـۆرە باجێـک بـوو لەسـەر کاڵاکانـی نـاو بـازاڕ و دوکانـەکان دادەنرا(عبـد محمـد، ١٩٨٩، ص٢٦٠).

٨، ١-سەرچاوە و ژێدەرەکان

- زمانی کوردی
  - کتێب

-سـاکو، لویـس، (٢٠٠٩)، کورتـە مێـژووی کەنیسـەی کلـدان، وەر: جمیـل عیسـا، چ١، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

-عیـزەت، فائیـزە محمـد، (٢٠١٤)، ژیانـی کۆمەڵایەتـی کـورد لـە نێـوان سـەدەکانی(٤-٩ک/١٠-١٥ز)، وەر: سـەرمەد ئەحمـەد، چ١، چاپخانـەی موکریـان ، هەولێـر.

-محمـد، ئاکـۆ بورهـان، (٢٠١٢)، ئابووریـی کوردسـتان لـە سـەردەمی عەباسـیدا، کتێبخانـەی غـازی، هەولێـر.
زمانی عەرەبی
-ابـن الأثيـر، أبـو الحسـن عـلي بـن أبي الكـرم محمـد بـن محمـد بـن عبـد الكريـم بـن عبـد الواحـد الشـيباني الجـزري عـز الديـن ابـن الأثـير، (ت: ٦٣٠هــ/١٢٣٣م)، ٢٠١٢، الكامـل في التاريـخ، تحقيـق: عمـر عبدالسـلام تدمـري، ط٨، دار كتـاب العـربي، بيـروت.
-التاريـخ الباهـر في الدولـة الأتابكيـة، تحقيـق: عبدالقـادر أحمـد طليـمات، دار الكتـب الحديثة-القاهـرة.
-ابـو اسـحق، رفائيـل، (١٩٤٨)، تاريـخ نصـارى العـراق منـذ انتشـار النصرانيـة في الأقطـار العراقيـة إلـى أيامنـا، مطبعـة المنصـور، بغـداد.
-ابـو اسـحق، رفائيـل، (١٩٦٠)، أحـوال نصـارى بغـداد في عهـد الخلافـة العباسـية، مطبعـة شـفيق، بغـداد.
-الأصطخـري، أبـو اسـحاق إبراهيـم بـن محمـد الفـارسي الأصطخـري، المعـروف بالكرخـي (ت: ٣٤٦هــ/٩٥٧م)، (١٩٦١)، المسـالك و الممالـك، تحقيـق: محمـد جابـر عبدالعـال الحسـيني، القاهـرة.
-البيرابونـا، (١٩٨٦)، تاريـخ الكنيسـة السريانيـة الشرقيـة، دار المـشرق، بيـروت.
- آل ياسـين، محمـد مفيـد، (٢٠١٠)، دراسـات في تاريـخ العـراق في العـصر الإيلخـاني، ط١، دار غيـداء، عـمان.
-باشـا، عمـر موسـى، (١٩٨٩)، الأدب في بـلاد الشـام عصـور الزنكييـن والأيوبييـن والمماليـک، دار الفكـر، دمشـق.
-البنـا، عبدالحافـظ عبدالخالـق، (٢٠٠٧)، أسـواق الشـام في عـصر الحـروب الصليبيـة، القاهـرة.
-ترتـون، أ.س، (١٩٤٩)، أهـل الذمـة في الإسـلام، ترجمـة: حسـن حبـشي، دار الفكـر العربي-القاهـرة.
-التطيـلي، (١٩٤٥)، رحلـة بنياميـن التطيـلي، ترجمـة: عـزرا حـداد، المربعـة الشرقيـة، بغـداد.
-التكريتـي، محمـود ياسـين أحمـد، (١٩٨١)، الأيوبيـون في الشـمال والجزيـرة الفراتيـة، دار الرشـيد، بغـداد.
-التنوخـي، المحسـن بـن عـلي بـن محمـد بـن أبي الفهـم داود التنوخـي البـصري، أبـو عـلي (ت: ٣٨٤هــ/٩٩٤م)، (١٩٧١)، نشـوار المحـاضرة وأخبـار المذاكـرة، ت: عبـود الشـالجي، بيـروت.
١٩٧٨)، الفرج بعد الشدة، ت: عبود الشالجي، بيروت.) -التنوخي،
-الجاحـظ، عمـرو بـن بحـر بـن محبـوب الكنـاني بالـولاء، الليثـي، أبـو عثـمان(ت: ٢٥٥هــ/٨٦٩م)، (١٩٣٥)، التبـصر بالتجـارة، تـح: حسـن حسـني عبدالوهـاب التونـسي، المطبعـة الرحمانيـة، مـصر.
-حبيب، صموئيل، (١٩٩٠)، الكنيسة والدولة، ط١، دار الثقافة، القاهرة.
-الحجـي، حيـاة نـاصر، (١٩٩٢)، أحـوال العامـة في حكـم المماليـک(٦٧٨-٧٨٤هــ/١٢٧٩-١٣٨٢م)، ط٢، دار القلم، الكويت.
-حسـن، حسـن ابراهيـم، (١٩٨٢)، تاريـخ الإسـلام السـياسي والدينـي والثقـافي والإجتماعـي، ط٢، مكتبـة النهضـة المصريـة، القاهـرة.
-حسـن، ادريـس محمـد، (٢٠٢٠)، الـزلازل والسـيول والفيضانـات وأثرهـا علـى مـدن اقليـم الجزيـرة، كۆمـەکا ڤەکۆلـەران، کـورد و هەرێـما جەزیـرا فوڕاتـێ، چ١، سـەنتەرى زاخـۆ، زاخـۆ.
-حسـين، محسـن محمـد، (١٩٧٦)، اربيـل في العهـد الأتابكـي، مطبعـة أسـعد، بغـداد.
-حـمادي، محمـد جاسـم، (١٩٧٧)، الجزيـرة الفراتيـة والموصـل، دار الرسـالة، بغـداد.
-الحميـري، محمـد بـن محمـد بـن عبـد اللـه بـن عبـد المنعـم بـن عبـد النـور، أبـو عبـد الله(٩٠٠هــ/١٤٩٥م)، (١٩٨٤)، الـروض المعطـار في خـبر الأقطـار، ت: إحسـان عبـاس، مكتبـة لبنـان، بيـروت.
-ابـن حوقـل، ابـو القاسـم محمـد بـن حوقل أو محمـد بـن عـلي النصيبـي (٣٦٧هــ/٩٧٨م)، (١٩٧٩)، صـورة الأرض، بيـروت.
-زيـات، حبيـب، (٢٠١٠) الديـارات النصرانيـة في الإسـلام، ط١، دار المـشرق، بيـروت.
-خصبـاک، جعفـر حسـين، (١٩٦٨)، العـراق في عهـد المغـول الايلخانيـن، ط١، مطبعـة العـاني، بغـداد.
-خسرو، ناصر، (١٩٧٠)، سفرنامه، ت: يحيى الخشاب، بيروت.
-ابـن خلـدون، عبـد الرحمـن بـن محمـد بـن محمـد، ابـن خلـدون أبـو زيـد، ولي الديـن الحضرمـي الإشـبيلي(٨٠٨هـ/١٤٠٥م)، (١٩٨٣)، تاريـخ ابـن خلـدون، مكتبـة المدرسـة، بيـروت.
-الخيـون، رشـيد، (٢٠١٦)، الأديـان والمذاهـب بالعـراق ماضيهـا وحاضرهـا، ط١، مركـز المسـبار، ريـاض.
-دوفـال، روبنـس، (١٩٩٢)، تاريـخ الأدب السريـاني، تـر: لويـس قصـاب، منشـورات مطرانيـة السريـان الكاثوليـک، ب غـداد.
-الديوەجـي، سـعيد، (١٩٧٠)، أعـلام الصنائـع المواصلـة، مطبعـة الجمهـور، الموصـل.
-رحمـة، جـورج. و قاشـا، سـهيل، (٢٠١٨)، السريـان أعمـدة الحضـارة الإسـلامية، دار سـائر المـشرق، د.م.
-الزوقنينـي، (٢٠٠٧)، المـؤرخ تبعـد، ترجمـة: بطـرس قاشـا، المكتبـة البولسـية، بيـروت.
-سـبط ابـن الجـوزي، شـمس الديـن أبـو المظفـر يوسـف بـن قزأوغـلي بـن عبـد اللـه(ت: ٦٥٤ هــ/١٢٥٦م)، (٢٠١٣)، مـرآة زمـان في تاريـخ الاعيـان، تحقيـق: ابراهيـم الزبيـق، بيـروت.
-الشابشـتي، أبـو الحسـن عـلي بـن محمـد، (ت: ٣٨٨هــ/٩٩٨م)،

(١٩٨٦)، الديـارات، تحقيـق: كوركيـس عـواد، ط٣، دار الـرازد العـربي، بيـروت.
-ابـو شـامة، أبـو القاسـم شـهاب الديـن عبـد الرحمـن بـن إسـماعيل بـن إبراهيـم المقـدسي الدمشـقي(ت: ٦٦٥هـ/١٢٦٧م)، (١٩٩٢)، الروضتيـن في أخبـار الدولتين(النوريـة والصلاحيـة)، تحقيـق: احمـد البيومـي، دمشـق.
-ابـن شـداد، عـز الديـن أبـو عبـد اللـه محمـد بـن عـلي بـن إبراهيـم الأنصـاري الحلبـي (ت: ٦٨٤هـ/١٢٨٥م)، (١٩٩١)، الأعـلاق الخطيـرة في ذكـر أمـراء الشـام والجزيـرة، تحقيـق: يحيـى زكريـا عبـارة، وزارة الثقافـة والإرشـاد القومـي، دمشـق.
-العـاني، أنـور، (١٩٨٦)، العـراق في العـصر الجلائري(دراسـة في أوضاعـه الإداريـة والإقتصادية٧٣٨-٨١٤هـ)، ط١، بغـداد.
-عبـدال، الخـوري أفـرام، (١٩٥١)، اللؤلـؤ النضيـد في تاريـخ ديـر مـار بهنـام الشـهيد، مطبعـة الإتحـاد الجديدة-الموصـل.
-إبـن العـبري، غريغوريـوس ابـن أهـرون (أو هـارون) بـن تومـا الملطـي، أبـو الفـرج
-ابـن العـبري، (٢٠٠٧)، مخطوطـة تاريـخ الأزمنـة، تـر: شـادية توفيـق حافـظ، ط١، المركـز القومـي، القاهـرة.
-تاريخ مختصر الدول، (١٩٥٤)، بيروت.
-عـدو، بنـاز اسـماعيل، (٢٠١١)، أهـل الذمـة في بـلاد في العـصر العبـاسي، دار موكريـاني، اربيـل.
-العـزاوي، عبـاس، (١٩٩٨)، العماديـة في مختلـف العصـور، ت: حمـدي عبدالمجيـد السـلفي، عبدالكريـم فنـدي، ط١، مطبعـة وزارة الأوقـاف، كوردسـتان.
-العـزاوي، (١٩٥٨)، تاريـخ النقـود العراقيـة لمـا بعـد العهـود العباسـية(٦٥٦-١٣٣٥هـ-١٢٥٨-١٩١٧م)، بغـداد.
-العـزاوي، كاظـم حبيـب، (٢٠١٢)، مسـيحيو العـراق، ط١، دار العربيـة، ب.م.
-عطيـة، عزيـز، (٢٠٠٠)، السريـان في التاريـخ، ترجمـة: حنـا عيسـى تومـا، المؤسسـة الأمريكيـة للدراسـات السريانيـة، دمشـق.
-العمـري، محمـد اميـن بـن خيراللـه، (١٩٦٧)، منهـل الأوليـاء ومـشرب الأصفيـاء مـن سـادات الموصـل الحدبـاء، ت: سـعيد الديوهجـي، مطبعـة الجمهوريـة، الموصـل.
-عياش، (١٩٩٩)، حضارة وادي الرافدين، مطبعة الأهالي، دمشق.
-ابـن الفقيـه، أبـو عبـد اللـه أحمـد بـن محمـد بـن إسـحاق الهمـداني(ت: ٣٦٥هـ/٩٧٦م)، (١٩٨٨)، مختصـر كتـاب البلـدان، بيروت.
-ابـن الفوطـي، كـمال الديـن أبـو الفضـل عبـد الـرزاق بـن أحمـد بـن محمـد الصابـوني(ت: ٧٢٣هـ/١٣٢٣م)، (١٩٣٢)، الحـوادث الجامعـة والتجـارب النافعـة في المائـة السـابعة، تحقيـق: مصطفـى جـواد، بغـداد.
-فييه، جان موريس، (٢٠١٣)، آشور المسيحية، بغداد.
(١٩٨٠)، سريان النصارى في الدولة العباسية، د، م.
(٢٠٠٩)، أحـوال النصـارى في خلافـة بنـي العبـاس، ط٢، دار المـشرق، (بيـروت.
(٢٠٠٠)، الآثار المسيحية في الموصل، ترجمة: نجيب قاقو، بغداد.
-ابـن قتيبـة، ابـو محمـد عبـد اللـه بـن مسـلم بـن قتيبـة الدينـوري (ت: ٢٧٦هـ/٨٨٩م)، (٢٠٠٠م)، الأشربـة وذكـر اختلافـا النـاس فيهـا، ت: ياسـين محمـد السـواسي، دار الفكـر، دمشـق.
-قـداوي، عـلاء محمـود، (٢٠١٥)، الموصـل والجزيـرة الفراتيـة في عهـد دولـة المغـول الايلخانيـة، ط١، دار غيـداء، عـمان.
-قرةبـاشي، عبدالمسـيح نعـمان، (٢٠٠٥)، الـدم المسـفوك مجـازر ومذابـح السريـان مـا بيـن النهريـن، ت: ثاوفيلـوس جـورج صليبـا، لبنـان.
-القزوينـي، حمداللـه مسـتوفي(ت: ٧٥٠هـ/١٣٤٩م)، (١٩٥٧)، نزهـة القلـوب، بكوشـش: محمـد دبيـر سـياقي، نـاشر كتابخانـه طهـورى، تهـران.
-ابـن القطيعـي، عبدالمؤمـن بـن عبدالحـق، ابـن الشـمائل البغـدادي الحنبـلي(ت: ٧٣٩هـ/١٣٣٨م)، (١٩٩٢)، مراصـد الاطـلاع عـلى أسـماء الأمكنـة والبقـاع, ط١,دار الجيل-بـيروت.
-ابـن كثيـر، أبـو الفـداء إسـماعيل بـن عمـر بـن كثـير القـرشي البـصري ثـم الدمشـقي (ت: ٧٧٤ هـ/١٣٧٢م)، (١٩٩٠)، البدايـة والنهايـة، مكتبـة المعـارف، بيـروت.
-الكعبـي، عبدالحكيـم، (٢٠٠٩)، الجزيـرة الفراتيـة وديارهـا العربيـة، دار صفحـات، دمشـق.
-كـي لسـترنج، (١٩٥٤)، بلـدان الخلافـة الشرقيـة، ترجمـة: بشـير فرنسـيس، كوركيـس عـواد، مطبعـة الرابطـة، بغـداد.
-الماردينـي، عبدالسـلام ابـن المهـدوب الـشرابي، أم العـبر مخطوطـة مصـورة في مكتبـة حمـدي عبدالمجيـد السـلفي عـن النسـخة الأصليـة الموجـودة في مكتبـة السـليمانية في أسـطنبول.
-ماركـو بولـو، (١٩٩٥)، رحلـة ماركـو بولـو، ترجمـة: عبدالعزيـز جاويـد، ط٢، القاهـرة.
-محمـد، آكـو برهـان، (٢٠١١)، كوردسـتان دراسة في النظـم التجاريـة والمالية مـن القـرن ٤-٧الهجرية/١٠-١٣الميلاديـة، ط١، مطبعة شـهاب، اربيل.
-محمـد، سـعيد رمضـان. و محمـد، ابراهيـم حسـن (١٤٤١هـ)، الكـوارث والأزمـان الإقتصاديـة في الموصـل والجزيـرة الفراتيـة في المصـادر السريانيـة التاريخية(٢-٧هـ)، الموصـل.
-المـدور، مـروان، (١٩٨٢)، الأرمـن عـبر التاريـخ، دار المكتبـة الحيـاة، بيـروت.

-ابـن المسـتوفي، المبـارك بـن أحمـد بـن المبـارك بـن موهـوب اللخمـي الإربـلي(ت: ٦٣٧هـ/١٢٣٩م)، (١٩٨٠)، تاريـخ اربـل، حققـه و علـق عليـه: سـامى بـن السـيد خـماس الصقـار، بغـداد.
-المقريـزي، أحمـد بـن عـلي بـن عبـد القـادر، أبـو العبـاس الحسـيني العبيـدي، تقـي الديـن(ت: ٨٤٥هـ/١٤٤١م)، (١٩٩٧)، السـلوك لمعرفـة دول الملـوك، تحقيـق: محمـد عبدالقـادر عطـاء، ط١، دار الكتـب العلميـة، بيـروت.
(١٩٩٥)، تاريخ الأقباط(المعـروف بالقـول الابريـزي للعلامـة المقريـزي)، تحقيـق: عبدالمجيـد ديـاب، دار الفضيلـة، القاهـرة.
-مؤلـف مجهـول، (١٩٩٩)، حـدود العـالم، تحقيـق: يوسـف الهـادي، دار الثقافيـة، القاهـرة.
-نـصرى الكلـداني، القـس البطـرس، (١٩٠٥)، ذخيـرة الأذهـان في تواريـخ المشـارقة والمغاربـة السريـان، دار الآبـاء الدومنيكيين-الموصـل.
-ابـن نظيـف الحمـوى، أبـو الفضائـل محمـد بـن علي(٤٣١هـ/١٠٤٠م)، (١٩٨١)، تاريـخ المنصـورى و تلخيـص الكشـف و البيـان في حـوادث الزمـان، تحقيـق: ابـو العبـد دود، دمشـق.
-هرمـز، حبيـب، (٢٠١٥)، تاريـخ المسـيحية في جنـوب وادي الرافديـن، البـصرة.
-الهمـذاني، رشـيد الديـن فضـل اللـه الهمـذاني، (١٣١٨هـ/١٩٠١م)، (١٩٦٠)، جامـع التواريـخ (تاريـخ المغـول)، تـر: محمـد صـادق نشـأت، محمـد موسـى هنـداوي، فـؤاد عبدالمعطـي الصيـاد، دار احيـاء الكتـب العربيـة، د.م.
الهمـذاني، (٢٠٠٠)، جامـع التواريخ(تاريـخ غـازان خـان)، تـر: فـؤاد عبدالمعطـي الصيـاد، ط١، الـدار الثقافيـة، القاهـرة.-
-ابـن الـوردي، **زيـن** الديـن أبـو حفـص عمـر بـن المظفـر بـن عمـر بـن محمـد ابـن أبي الفـوارس المعري الكندي(٧٤٩هـ/١٣٤٨م)، (د.س)، تاريـخ إبـن الـوردي، النجـف.
-ابـن الـوردي، (١٣٠٣هـ/١٨٨٦م)، خريـدة العجائـب وفريـدة الغرائـب، مطبعـة الهـمام المتقـن عثـمان عبدالـرزاق، د.م.
-ياقـوت الحمـوي، شـهاب الديـن أبـو عبـد اللـه ياقـوت بـن عبـد اللـه الرومـي (ت: ٦٢٦هـ/١٢٢٩م)، (١٨٤٦)، المشـترك وضعـا والمفـترق صعقـا، مكتبـة المثنـى، بغـداد.
-ياقوت الحموي، (١٩٩٥)، معجم البلدان، دار صادر-بيروت.
-اليسـيف، (١٩٦٩)، دائـرة المعـارف الإسـلامية، مـادة: جزيـرة ابـن عمـر، (القاهـرة: ١٩٦٩)

○ زمانی ئینگلیزی
-Poole, Jane, Stanle (1987), Catalogue of the collection of Arabic coins beranrd Quaritch 15, London.

● گۆڤارو ڕۆژنامەکان
-إبـن العـبري، غريغوريـوس ابـن أهـرون (أو هـارون) بـن تومـا الملطـي، أبـو الفـرج
-العمـري، أكـرم، (١٩٦٨)، العامـة في أواخـر العـصر العبـاسي، مجلـة كليـة الآداب، عـدد١١، بغـداد.
-رحـماني، أفـرام عبـدال، (١٩٢٨)، طقـوس الكنيسـة، مجلـة الآثـار الشرقيـة، العـدد٣، د.م.
(ت ٦٨٥هـ)، (١٩٥٤)، تاريـخ دول السريـان، مجلـة المـشرق، العـدد(٤٨)، بيروت.

● -نامەی ئەکادیمی
○ زمانی کوردی
-احمـد، سـۆران بهـاء، (٢٠١٤)، کشـتوکاڵ و خـۆراک لـە هەرێمـی چیـا لـە سـەدەی(٤ک/١٠ز)، نامـەی ماسـتەر، زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، زانکـۆی سـلێمانی، سـلێمانی.
-شـیخ محمـد، رابعـة فتـاح، (٢٠١٩)، کوردسـتان لـە سـەردەمی ئێلخانانی مەغۆلـی، تێـزی دکتـۆرا، هەولێر.

○ زمانی عەرەبی
-آل ياسـين، محمـد مفيـد، (١٩٧٥)، الحيـاة الفكريـة في العـراق في القـرن السـابع الهجـري، أطروحـة دكتـوراه، جامعـة بغـداد، بغـداد.
-قـداوي، عـلاء محمـود، (١٩٨٥)، المغـول في الموصـل و الجزيـرة، أطروحـة ماجيسـتر، جامعـة الموصـل، الموصـل.

**ملخص**

موضـوع هـذه الدراسـة هـو الوضـع الإقتصـادي لمسـيحي إقليـم جزيـرة في القـرن السـابع الهجـري. تركـز الدراسـة علـى الأنشـطة الإقتصاديـة للمسـيحيين في المنطقـة في مجـالات الزراعـة والصناعـة والتجـارة، وأثـر هـذه الأنشـطة علـى سـبل العيـش والوضـع العـام، مـن الواضـح أن القـرن السـابع الهجري/الثالـث عـشر الميـلادي حكـم في إقليـم الجزيـرة الخلافـة العباسـية والمغـول لفـترة، تـم تسـليط الضـوء علـى أنـواع الأنشـطة وطريقـة العمـل والوضـع الإقتصـادي والنشـاطات الاقتصاديـة لمسـيحي إقليـم الجزيـرة.

**الكلمات المفتاحية:** الإقتصاد، الصناعة، التجارة، المسيحيون، إقليم الجزيرة.

## Abstarct

The subject of this study is the economic situation of the Christians of the Jazeera region in the seventh century AH. The study focuses on the economic activities of Christians in the region in the fields of agriculture, industry and trade, and the impact of these activities on livelihoods and general situation the type of activities and the way the Christians economy works in the island region have been highlighted.

**Keywords:** Economy, Industry, commerce,  Christians, Jazeera Region